مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

# ظاهرة صعاليک حتى ظهور الإسلام

**هۆشەنگ ئیسماعیل مەولود**
بەشى التاريخ ، كلية الاداب ، جامعة صلاح الدين، اربيل، اقليم كوردستان-عێراق
Hoshangismail668@gmail.com
**أ. د. شهله برهان عبدالله**
بەشى التاريخ ، كلية الاداب ، جامعة صلاح الدين، اربيل، اقليم كوردستان-عێراق
Shahla.abdulla@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية:** ظاهرة صعاليک ، ما قبل الإسلام، شبه الجزيرة العربية، العصابات، الفقراء.

**كيفية اقتباس البحث**

مەولود , هۆشەنگ ئیسماعیل , شهله برهان عبدالله , ظاهرة صعاليک حتى ظهور الإسلام,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦ ,المجلد:١٦ ,العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

# Appearance even the appearance of Islam

**Hoshang Ismail Mawlod**
**Department of History, Faculty of Arts, Salahuddin University, Erbil, Kurdistan Region-Iraq**
**Hoshangismail668@gmail.com**
**D. Shahla Burhan Abdullah**
**Department of History, Faculty of Arts, Salahuddin University, Erbil, Kurdistan Region-Iraq**
**Shahla.abdulla@su.edu.krd**

**Keywords** : The phenomenon of intercourse, pre-Islamic, Arabian Peninsula, gangsters, poor.

**How To Cite This Article**
Mawlod , Hoshang Ismail , Shahla Burhan Abdullah ,Appearance even the appearance of Islam ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**ملخص**

تَهدِفُ هذه الدراسةُ إلى تقديمِ مُعالجةٍ عِلميّةٍ شاملةٍ لِحياةِ الصَّعاليكِ في شِبهِ الجزيرةِ العربيّةِ قَبلَ الإسلامِ من خلالِ تحليلِ مظاهرِها المختلِفةِ والكشفِ عن أبعادِها الاجتماعيّةِ والاقتصاديّةِ والسياسيّةِ، اعتماداً على مَصادرَ تأريخيّةٍ وأدبيّةٍ موثوقةٍ، ولاسيّما كُتبُ الأَدبِ والشِّعرِ. وقد بَيّنتِ الدراسةُ أنَّ ظاهرةَ الصَّعلكةِ ارتبطتْ ارتباطاً وثيقاً بواقعِ التَّمرُّدِ الذي سادَ المُجتمعَ العربيَّ قبلَ الإسلامِ، نتيجةً لِتشابُكِ عواملَ متعدّدةٍ، من أبرزِها التَّفاوُتُ الاقتصاديُّ والقُيودُ القَبليّةُ والظُّروفُ الجويّةُ القاسيةُ، وقد تجلّتْ هذه الظاهرةُ في خروجِ فئةٍ من الأفرادِ على الأَعرافِ القَبليّةِ، فكوّنتْ جماعاتٍ مارستِ السَّلبَ والنَّهبَ، مما شكّلَ تهديداً مباشراً لِلأمنِ الاقتصاديِّ خاصةً فيما يتعلّقُ بالقوافلِ التجاريّةِ، فضلاً عن انتشارِهم في البيئةِ الصَّحراويّةِ والجبليّةِ والريفيّةِ.

ومع ظهورِ الإسلامِ، شهدتْ هذه الفئةُ تحوّلاتٍ جوهريّةً في سلوكِها ووظيفتِها الاجتماعيّةِ، إذ عملتِ الدَّعوةُ الإسلاميّةُ في مَرحلتِها المكيّةِ على تقويمِ سلوكِهم من خلالِ الدَّعوةِ إلى نبذِ العُنفِ والاعتداءِ، وترسيخِ القيمِ الأخلاقيّةِ، مَقرونةً بالتحذيرِ من العواقبِ الدينيّةِ المترتّبةِ على الاستمرارِ في تلك الممارساتِ. أمّا في المَرحلةِ المدنيّةِ، فقد أسهمَ قيامُ الدولةِ الإسلاميّةِ في إعادةِ دمجِ هذه الفئةِ

داخلَ البُنيةِ الاجتماعيّةِ من خلالِ إقرارِ منظومةٍ متكاملةٍ من الحقوقِ والواجباتِ وتعزيزِ مبدأ المُساواةِ، وإرساءِ دعائمِ الأُخوّةِ الإسلاميّةِ، إلى جانبِ معالجةِ الاختلالاتِ الاقتصاديّةِ عبرَ مؤسّساتِ الزَّكاةِ والصَّدقاتِ والغنائمِ.
نتيجةً للبحث، وجدنا أن كلمة "سالك" لا تحمل معنىً واحدًا فقط، بل معانٍ متعددة، منها العصابات، والعقبات، واللصوص، والفقراء، والمتمردون.
كان هناك عدة أسباب مهمة لظهور السالكين، لكن أهمها كان السبب الاقتصادي، إذ كانوا فقراء، ومن جهة أخرى، طُردوا من قبائلهم.

## Abstract

This study aims to provide a comprehensive scientific treatment of the life of the *Sa'alik* (brigands) in the Arabian Peninsula before Islam by analyzing its various aspects and uncovering its social, economic, and political dimensions, relying on reliable historical and literary sources, particularly books of literature and poetry. The study demonstrated that the phenomenon of *Sa'laka* (brigandage) was closely linked to the reality of rebellion that prevailed in pre-Islamic Arab society as a result of the intertwining of multiple factors, most notably economic disparity, tribal restrictions, and harsh climatic conditions. This phenomenon manifested in the departure of a group of individuals from tribal norms, forming groups that practiced looting and plundering, which posed a direct threat to economic security, especially regarding trade caravans, in addition to their spread across desert, mountain, and rural environments.

With the advent of Islam, this group underwent fundamental transformations in its behavior and social function. The Islamic call during its Meccan phase worked on reforming their behavior by calling for the rejection of violence and aggression and establishing moral values, coupled with warnings about the religious consequences of continuing such practices. In the Medinan phase, the establishment of the Islamic state contributed to reintegrating this group into the social structure by establishing an integrated system of rights and duties, promoting the principle of equality, and laying the foundations of Islamic brotherhood, alongside addressing economic imbalances through the institutions of Zakat, charities, and spoils of war.

As a result of the research, we found that the word "Salik" does not have only one meaning, but has several different meanings, such as gangsters, obstacles, thieves, poor and rebellious.

There were several important reasons for the appearance of the Sa'aliks, but the most important was economic, because they were poor, on the other hand, were expelled by their tribes.

# دیاردەی (صعالیک) تاکو هاتنی ئاینی ئیسلام

**هۆشەنگ ئیسماعیل مەولود**
ژ. موبایل: 9647504774016+
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق
Hoshangismail668@gmail.com
**پ. د. شهله برهان عبدالله**
ژ. موبایل: 9647504703665+
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق
Shahla.abdulla@su.edu.krd

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ دەرخستن و باسکردنی ژیانی (صعالیک) لە نیمچە دوورگەی عەرەبی لە سەرەتاکانی مێژووی ئیسلامدا، لێکۆڵینەوە لە دیوە شاراوەکانی ژیانیان لە ئەنجامی پشتڕاستکردنەوە بە بەڵگەی سەرچاوەکان کە بەشێکی باشیان سەرچاوەی ڕەسەنن، بەتایبەتی کتێبە ئەدەبی و شیعری یەکان.

دیاردەی (صعلکة) لە سەردەمی پێش ئیسلامدا لە نیمچە دوورگەی عەرەبی دا باو بوو ئەمەش لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و جوگرافی و سیاسی یەوە، لە دیارترینیان یاخی بوونی تاک تاکەی ناو هۆزەکان لە نەریتی هۆز، هەروەها هەندێک جار کەسانی هەژار لەبەر زۆری تاوانەکانیان لە لایەن خودی هۆزو تیرەکەی خۆیانەوە دەردەکران و بەناچاری دەستیان دەدایە کاری چەتەگەریی و دزی کردن و دەبوونە مایەی مەترسی بۆ کاروانە بازرگانی یەکان و کەسانی دەوڵەمەند، وە ئەمانە لە شێوەی کۆمەڵێکی یاخی بوو کاریان دەکرد، هەربۆیە ببوونە هۆی مەترسی بۆ ناوچە جیاوازەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی و لە بیابان و چیا و دەشت و دۆڵەکاندا دەژیان.

لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلامدا گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەسەر بارودۆخ و ژیانی (صعالیک)دا هات، بەجۆرێک لە قۆناغی مەککەدا داوایان لێدەکرا واز لەو کارە خراپە بهێنن و ستەم لە خەڵکی نەکەن، کوشتاری خەڵکی نەکەن و سامانیان تالان نەکەن، لەم قۆناغەدا هەندێکیان موسڵمان بوون، چونکە ڕاستی و مەزنێتی ئیسلامیان بە چاوی خۆیان بینی، لە ئیسلام دا چارەسەری ئەو دیاردە نەخوازراوەی کۆمەڵگەی عەرەبی کرا، لە سەرەتادا هان دران ئەگەر بێت و موسڵمان ببن و دەست لەو کارە خراپە هەڵبگرن بەهەشتیان بۆ هەیە، لە بەرامبەردا بەوە ئاگادار کرانەوە ترسێنران ئەگەر بێت و لەسەر ئەو کارە بەردەوام بن و واز نەهێنن سزای خوایی چاوەڕێیانە، وە لە ڕۆژی پەسڵاندا دەخرێنە ناو ئاگری دۆزخەوە، ئەم چارەسەرە کاتی یە کاریگەری باشی هەبوو بۆ گۆڕینی هزر و هەندێک لە ئاکارەکانی (صعالیک) و بوو بە بەردی بناغەی گۆڕانگاری ڕیشەیی لە ژیانیاندا.

لە قۆناغی مەدینەدا دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلام تەواوی مافەکانیان بۆ دابین کراو چارەسەری شیاویان بۆ دیاری کرا، لەڕووی کۆمەڵایەتی یەوە ئەو جەردەو دزانەی موسڵمان ببوون کران بە دۆست و یارمەتیدەری یەکتر. مزگەوت دروست کرا و ئەرک و مافی هەمووان دیاری کرا، وە دەمارگیریی هۆزایەتی لابراو برایەتی ئیسلام جێگەی گرتەوە، هەروەها لەڕووی ئابووری یەوە کەسانی هەژارو کەمدەرامەت بە جۆرەها شێواز یارمەتی دەدران، وەکو زەکات و یارمەتی و دەستکەوتی جەنگی و...هتد، وە لەڕووی سیاسی یەوە حوکمە ئیسلامی یەکان جێگەی نەریتی هۆزیان گرتەوەو یەکەیەکی بەهێز دروستکراو هەمووان تێیدا مافەکانیان پارێزراو بوو.

شایانی باسە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەت و دیاری کردنی ئەرک و مافەکان کۆمەڵێک سزا دیاری کران بۆ ئەو جەردە و دزانەی هێشتا وازیان لەو کارە نەهێنابوو بەجۆرێک ئەو جەردانەی دەستیان چووبووە خوێنی خەڵکی بێتاوان دەکوژرانەوە، ئەوانەیان سامانی خەڵکی یان تالان دەکرد دەست و قاچیان دەبڕدرا، ئەوانەیان تەنیا خەڵکیان دەترساند دوور دەخرانەوە، بەمجۆرە ئەم دیاردە

نەخوازراوە چارەسەرێکی تەواوی بۆ دیاری کرا بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت ئەو دیاردەیە بنبڕ کرابێت، چونکە حیکمەت و قەزا و قەدەری خوا لە ژیانی دونیادا وایە تا ڕۆژی پەسڵان خراپە بمێنێت، ئەمەش وەک تاقی کردنەوەی بەندەکان.

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بۆمان دەرکەوت کە ووشەی (صعالیک) تەنها یەک واتای نی یە بەڵکو چەند واتایەکی جیاوازی هەیە، وەک چەتە و ڕێگر و دز و جەردە و هەژار و یاخی بوون، ئامانجی ئەمانە بەدەستهێنانی سامان و کەلوپەل بوو، جا بە هەر ڕێگایەک بێت.

چەند هۆکارێکی گرنگ هەبوون بۆ دەرکەوتنی (صعالیک)، بەڵام گرنگترینیان هۆکاری ئابووری بوو، چونکە ئەمانە نەدار بوون، لەلایەکی ترەوە لەلایەن هۆزەکانیانەوە دوورخرابوونەوە، بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان خۆیان ناچار دەبینی دەست بدەنە کاری دزی و جەردەیی، بۆ ئەوەی لە برسا نەمرن و بەردەوامی بە ژیانیان بدەن.

**کلیلە ووشە:** دیاردەی (تصعلک)، پێش ئیسلام، نیمچە دوورگەی عەرەبی، چەتە، هەژار.

## پێشەکی

### گرنگی توێژینەوە

جەردەکان یەکێکن لە چین و توێژە کاریگەرەکانی یمچە دوورگەی عەرەبی لە سەردەمی پێش ئیسلامدا، ئەمانە بە هێرشەکانیان بۆ سەر کاروانچییەکان ترسیان خستبووە دڵی دەوڵەمەندان، لەلایەکی ترەوە بە شیعرەکانیان چالاکییەکانیان تۆمار دەکردو هەرەشەیان لە بازرگانان دەکرد، وە لە سەردەمی ئیسلامیدا زۆربەیان موسڵمان بوون و وازیان لەو کارە هێنا، بوون بە کەسانی سوودبەخشی کۆمەڵگەو بەشداری یان لە جەنگەکاندا دەکرد لە عێراق و شام لە دژی فارس و ڕۆم، لەبەر ئەوە لێکۆڵینەوە لە ژیان و چالاکی یەکانیان دەرخەری زۆر لایەنی ژیان و نەریتی عەرەبی نیمچە دوورگەی عەرەبین، ئەوەی بابەتەکەی دەوڵەمەندتر کردووە ئەوەیە کە زۆرێک لە جەردەکان شاعیر بوون و لەلایەن شاعیران و چین و توێژەکانی ترەوە گرنگی یان پێدراوە .

### ئامانجی توێژینەوە

لە چوارچێوەی توێژینەوەی زانستی و بە پشت بەستن بە ڕێبازی شیکاریی مێژوویی بابەتیانە بۆ دیاردەی چەتەگەریی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا و، بە ئامانجی گەیشتن بە پاڵنەرەکانی ئەو دیاردەیە و، زانینی چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە لە ئیسلامدا هەڵساین بە توێژینەوە لەو بابەتە .

### هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە

چەند شتێک بوونە پاڵنەری نووسین دەربارەی ئەو بابەتە، لەوانە: ویستی زانینی پاڵنەرەکانی ئەنجام دانی ئەوکارە و ئەندازەی چالاکی یەکانیان، وە ویستی زانینی پەیوەندی نێوان جەردەیی و شیعر، هەروەها زانینی چۆنیەتی ڕووبەڕوو بوونەوەو چارەسەر کردنی ئەو دیاردە خراپەی ناو کۆمەڵگە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا .

### گرفتی توێژینەوەکە

سەرچاوەکان باسیان لە مێژووی پێش ئیسلام و ئیسلام کردووە بەڵام زانیاری یەکان سەبارەت بەو بابەتە پچڕ پچڕن و هیچ سەرچاوەیەک بە تایبەت و دوورو درێژی باسی ژیانی نەکردوون جگە لە (السکري) لە پەرتووکەکەی (اللصوص)، بەڵام بەداخەوە بەردەست نییە، زانایان هەندێ شتیان لێوە گێڕاوەتەوە وەکو (عبد القادر البغدادي) لە (خزانة الأدب) باسی کردووە، لەبەر ئەوە دۆزینەوەی هەموو جەردەو دزەکان کارێکی تاقەت پڕووکێنە، توێژەرانیش خۆیان لە قەرەی ئەو بابەتە نەداوە، جگە لە (یوسف خلیف) و (عبد الحلیم حفني) و چەند کەسێکی زۆر کەم کەسی تر لەسەر جەردەکانی نەنووسیووە، جاری وا هەیە پەرتووکێک دەخوێنیتەوە هیچ بابەتێکی تێدا نییە سوودی لێوەربگیرێت، تەنانەت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵمانداوە زۆرترین چالاکی جەردەکان بخەینەروو .


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

**هەیکەلی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە لە پوختەیەک و دوو تەوەرە پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە پێناسەی (صعالیک) لەڕووی زمانەوانی و زارەکی کراوە، وە لە تەوەرەی دووەمەدا باسی هۆکارەکانی دەرکەوتنی (صعاليك) لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئاو و هەوا و ئابووری، لەگەڵ چارەسەری دیاردەی (صعاليك) لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کراوە.

**هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان**

لە کاتی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا پشت بە چەند سەرچاوەیەکی ڕەسەنی جۆراوجۆر بەستراوە کە لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەیان پێکراوە، لە سەرچاوە ئەدەبی و مێژووییەکان و (تراجم و أنساب)دا، هەروەها پەرتووکە ئایینیەکانی بواری تەفسیر و فەرموودە و (فقه) سوودیان لێوەرگیراوە، هاوکات بۆ بەرچاو ڕوونی و چۆنیەتی گەیشتن بە زانیاری و شیکارییەکان سود لە کۆمەڵێک ژێدەری هاوچەرخ وەرگیراوە .

**تەوەرەی یەکەم**

**پێناسەی چەمکی (الصعالیک)**

**یەکەم: زمانەوانی**

لە زمانی عەرەبیدا ووشەکان واتایان دەگۆڕێت لەگەڵ (فتحة-ضمة)، بۆیە بە پێویستمان زانی پێناسەی ووشەی (صعالیک) لەسەر ئەم بنەمایە بکەین، ووشەی (صعالیک) تاکەکەی (صعلوک)ە، ئەم ووشەیەش لەلایەن زمانەوانان بە (فتحة-ضمة)-( صَعلوك)-(صُعْلُوك) بە واتای هەژاری دێت، بە تایبەتی بە بۆرە (صُعْلُوك)، ئەو کەسەی هیچ سەروەت و سامانێکی نییە (الفقير الذي لا مال له)[١]، کەواتە ئەم ووشەیە وەک سیفەتێک بۆ کەسانی هەژار بەکار هێنراوە، دەگوترێت(صعلوک القوم)، واتە: هەژاری هۆز یان میللەتی خۆی، هەروەها (صعلكة) واتا هەژارو برسی کردن[٢]، لە ئەنجامدا دەربەدەر بوو بە هەژاری ژیا. کاتێک لە زمانی عەرەبیدا دەگوترێت (تصعلكة) و(يتصعلك) و (تصعلك الرجل) بە واتای هەژاری و دەربەدەر بوون دێت. دەگوترێت (وقد تَصَعْلَكَ الرجل)[٣] واتە: پیاوەکە دووچاری (تصعلك) بوو بەو واتایەی هەژار و نەدار کەوت، هەروەها ووشەی (صعلكة) یان (تصعلك) بەواتای هەژاری و نەداری دێت.

ئەوەی شایانی باسە ووشەی (صعلوک) لە قورئانی پیرۆزدا ناوی نەهاتووە، بەڵام واتای بەدیار دەکەوێت لە ئایەتەکانی قورئاندا، لە ئایەتەکانی قورئاندا بە ووشەی (الفقر) هاتووە، چونکە یەکێکە لە واتاکانی ووشەی (صعلوک)، لە قورئاندا هاتووە ﴿وَأَطْعِمُوا الْبَائِسَ الْفَقِيرَ﴾[٤].

**دووەم: لەڕووی زارەکی**

ووشەی (الصعلوک) لەڕووی زارەکی یەوە کۆمەڵێک پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە بەگوێرەی سەردەم و بارودۆخەکانەوە، زاراوەی (صعالیک) بەو کەسانە گوتراوە لە یاساو ڕێساکانی

هۆزەکانیان هەڵگەڕاونەتەوە، لە ئەنجامدا دووچاری دەربەدەری و دەرکران بوونەتەوە[٥]. لە کۆن دا لەلایەن زانایانەوە کۆمەڵێک پێناسە بۆ (الصعلوک) کراوە، لەوانە (قَتَادَة) وا پێناسەی دەکات کە "هُوَ اللِّصُّ الَّذِي يَقْطَعُ الطَّرِيقَ"[٦]. واتە: ئەو دزەیە کە ڕێگری لە خەڵکی دەکات.

جێگای ئاماژەیە کاتێک (شافعي) باسی (الصعالیک) دەکات بە چەتە و ڕێگر و جەنگاوەران یەکسان دەکات و دەڵێت:"وَالْمُحَارِبُونَ الَّذِينَ هَذِهِ حُدُودُهُمْ الْقَوْمُ يَعْرِضُونَ بِالسِّلَاحِ لِلْقَوْمِ حَتَّى يَغْصِبُوهُمْ مُجَاهَرَةً فِي الصَّحَارِيِ وَالطُّرُقِ"[٧] واتە: جەنگاوەران ئەو کەسانە کە بە چەک هەڕەشە لە خەڵکی دەکەن و بە ئاشکرا لە بیابان و ڕێگاکان سامان و کەل و پەلی خەڵکی بۆ خۆیان دەبەن. ئەمە ئاماژەیەکە بۆ کاری چەتەگەری و ڕێگری کردن لە کاروانە بازرگانی یەکان.

لە پێناسەکانی دیکەدا (الصعلوک) ئەو کەسەیە، کە هیچ سامانێکی نیە و بەهۆی هێرش کردنە سەر خەڵک بژێوی خۆی پەیدا دەکات[٨]، هەیە وا پێناسەی کردووە، کە ئەو کەسەیە کە نەدارە[٩].

هەروەها زاراوەی (صعالیک) بەو کەسانە گوتراوە کە بە ئاشکرا لە ڕێگاکان دا ڕێگە بە خەڵکی دەگرن بۆ ئەوەی سامانیان زەوت بکەن، وە ئاماژە بەوە دەکات لە ناویان دا کەسانی دەشتەکی و جووتیار و سەربازی لاڕێ و یاخی شارەکان و کەسانی دیکەشیان لە ناودا هەیە[١٠]. بەهۆی ئەوەی (صعالیک) لە چیاو دەشتەکاندا دەژیان و بژێوی ژیانیان لەسەر کاری چەتەیی پەیدا دەکرد بە (صعلوک) ناسرابوون، بە واتایەکی تر (دەستەیەکن لە شاعیران و بە دوژمنداری و هێرش بردن ناسرابوون بۆ سەر تیرەکان بەمەبەستی تالآنی)[١١].

**تەوەرەی دووەم**

**أ) هۆکارەکانی دەرچوونی (الصعالیک)**

**یەکەم: کۆمەڵایەتی**

لە ڕاستی دا (صعالیک)ەکان لە سەردەمی پێش ئیسلامدا بە کۆمەڵێک سیفات جیا دەکرانەوە، لەوانە داوا نەکردنی شت لە دەوڵەمەندان و حەزکردن بە کاری هەرەوەزیی، هەروەها زۆر باسیان لە سروشت و دیمەنە جوانەکانی دەکرد و لە خاڵە دیارەکانی شیعرەکانیان ئەوەبوو زۆر باسیان لە یاخی بوون و نەریتە خراپەکانی سەرۆک هۆز و ئەو نەریتانە دەکردەوە کە بە لایانەوە خوازراو نەبوون، (صعالیک)ەکان چەند سیفاتێکی نەرێنی یان هەبوو لە وێنەی شیعری خۆشگوزەرانی، بەتایبەت باسی (ئافرەت و مەی)، هەروەها خراپ بەکارهێنانی زمان و خۆبەگەورەزانی[١٢] لە دیارترین سیفاتە ناشرینەکانیان بوو ئەمانە چەند جۆرێکیان هەبوو لەوانە:

١- الخلعاء: ئەمانە ئەو کەسانە بوون کە بەهۆی زۆری تاوان و دەرچوون لە نەریتی هۆزو تیرەکانیان دەردەکران و پەراوێز دەخران.

٢-أغربة العرب (السود): ئەوانە ئەو کەسانە بوون کە لە دایکێکی ڕەشپێست و کۆیلە و باوکێکی عەرەب هاتبوونە دونیاوە، لەبەر ئەوە گرنگی یان پێ نەدەدرا و بە چاوێکی کەم سەیر دەکران.

٣- المحترفون: ئەمانە هەژارەکانی ناو کۆمەڵگە بوون، بەهۆی زۆر نەداری یان پەنایان دەبردە بەر کاری چەتەگەریی و شۆڕشیان لە دژی هۆزەکانیان و دەوڵەمەندان بەرپا دەکرد، لە ئەنجامدا دزی یان لە دەوڵەمەندان دەکرد و بەسەر هەژاراندا دابەشیان دەکرد، لە نموونەی ئەو جۆرە (عروة بن الورد)[١٣]ە کە بە باوکی هەژاران (أبا الصعالیک) ناسرابوو[١٤].

**دووەم: ئاو و هەوا**

هەرچەندە ئاو و هەوا کاریگەری سەرەکی نەبوو لە دروست بوون و دەرکەوتنی دیاردەی (صعالیک)، بەڵام یارمەتیدەرێکی گەورە بوو لە دەرکەوتنی دیاردەی (صعالیک) لە نیمچە دوورگەی عەرەبی، چونکە ئەم ناوچەیە تایبەتمەندی یەکی هەبوو کە ڕۆڵی هەبوو لە دروست بوونی (صعالیک)، یەکێک لەوانە ئاو و هەواو ووشکی و کەمی بەرهەمە سروشتی یەکان بوو ئەوەی شایانی باسە

ئاووهەوای نیمچە دوورگەی عەرەبی زۆر ووشک و بیاباناوییە و بارانی زۆر کەمە، ئاوی سازگارو شیرینی کەمە[١٥]، ئەو ئاوو هەوا ووشکە کاریگەری هەبوو لەسەر کەمی ئاوو کەمی کشتوکاڵ کردن و بەخێوکردنی ئاژەڵ[١٦]، کە ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ تێکچوونی بارودۆخی هەندێک خێزان.

گەرمی ئاو و هەوای نیمچە دوورگەی عەرەبی هۆکارێک بوو بۆ ژیانێکی سەخت و قورس، زۆربوونی هەژاری رێگا خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی هەندێک کەس لە کۆمەڵگە هەڵبگەڕێنەوەو لە پێناو ژیان و مانەوەدا پشت بە کاری چەتەگەری و دزی ببەستن، ئەو کەش و هەوا گەرمە وای کرد هەژارەکان بێزار و بێ دەرەتان ببن و لە پێناو رزگار بون لەو بارودۆخە سەختەی ژیانیان دەست بدەنە کاری جەردەیی، لەوانە (الشاعر الشنفرى) دەڵێت:

ويومٍ من الشعرَى يذوبُ لعابُهُ... أفاعيهِ في رمضائِهِ تتململُ [١٧]

واتە: لە رۆژێکی وادا لیکی مێشووڵە دەتوێتەوە...مارەکانی لە تینی گەرماکەی هەڵدێن

هەروەها (الأحيمر السعدي) ئاماژە بەوە دەکات کە لە شوێنی سەوزایی و فێنکدا دڵخۆشەو کاری چەتەیی تێدا ئەنجام دەدات، دەڵێت:

قل للصوص بني اللخند يحتسبوا بز العراق وينسو طرفة اليمن[١٨]

**سێیەم: هۆکاری ئابووری**

ژیانی ئابووری لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا لە چەند چالاکی یەکی سەرەکی پێکهاتبوو گرنگترین ئەو چالاکی یانەی ئەنجامیان دەدا بریتی بوو لە بازرگانی کردن لە شارە گەورەکان لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا وەکو (مەککە) و (یثرب)، کە چەند پیشەسازی یەکی دەستی هەبوو[١٩]، ئەم شارانە سوودیان لە هەڵکەوتەی جوگرافی وەرگرتبوو بەتایبەتی مەککە کە کەوتبووە نێوان یەمەن و شام، هەروەها شوانکارەیی و بەخێوکردنی ئاژەڵ چالاکی یەکی سەرەکی بوو[٢٠]، لەلایەن هۆزە کۆچەرەوەکانەوە دەکرا، ئەوان پشتیان بە بەخێوکردنی مەڕو ماڵات دەبەست بۆ ئەوەی سوود لە بەرهەمەکانی وەربگرن، کشتوکاڵ کردن یەکێکی تر بوو لە کارەکانی خەڵکی بەمەبەستی دابینکردنی بژێوی رۆژانە، بۆ نمونە خەڵکی یەمەن و (طائف) و (یثرب) بەو کارە ناسرابوون[٢١]، لەو شارانەدا گەنم و جۆو ترێ دەچێنرا، هەروەها چالاکی یەکی تر بوونی چەند پیشەسازی یەکی دەستی بوو وەکو پێستەو دروستکردنی کەل و پەلی کانزایی لە مەککە و (طائف) و یەمەن، هەروەها دەریاوانی و ڕاوکردنی ماسی کارێکی تر بوو لە چالاکی یەکان لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا، بەتایبەتی ڕاوکردنی ماسی و دۆزینەوەو دەرهێنانی (لؤلؤ) و ئەلماس، ئەو ناوچانەی کە کەوتبوونە سەر زەریا و دەریا رۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە بازرگانی کردن لەگەڵ هیند و خۆرهەڵاتی ئەفریقیا[٢٢].

**ب) چارەسەری دیاردەی (الصعاليک)**

**یەکەم- لەڕووی کۆمەڵایەتی:**

لەگەڵ هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام گۆڕانکاری لە زۆربەی داب و نەریتەکانی سەردەمی پێش ئیسلام ڕوویدا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، لە لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئایینی و... هتد، لە گرنگترین ئەو گۆڕانکاریانە بریتی بوون لە چارەسەرکردنی دیاردە ناشرینەکانی کۆمەڵگە و نەهێشتنی دیاردەی (صعالیک) لە نیمچە دوورگەی عەرەبی هەبوو بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە پێویستی بە چارەسەری بنچینەیی هەبوو بۆ ئەوەی لە ڕەگ و ڕیشەوە ئەو دیاردە ناشرینە نەمێنێت، ئەمە هەڵوێستی ئیسلام بوو لە بنبڕکردنی چەند داب و نەریتێکی نەخوازراوی کۆمەڵگە: لەوانە، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئایینی ئیسلام چەند بنەمایەکی دانا بۆ چارەسەر کردنی ڕیشەیی دیاردە کۆمەڵایەتییە ناشرینەکان لەناو کۆمەڵگەی نیمچە دوورگەی عەرەبیدا، کە بریتی بوو لە بنچینەی یەکسانی و نەهێشتنی خۆهەڵکێشان بە هۆز و تیرەکان و ڕەچەڵەکەوە هەروەکو لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بۆ کراوە ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾[٢٣]. واتە: ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەمووتانمان لە نێر و مێیەک دروست کردووە و کردوومانن بە چەندەها گەڵ و تیرە و هۆزی جیاواز، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان

خۆشبێت بەیەکەوە، بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتانە کە زۆرتر لە خواترسە و فەرمانبەرداری خوایە، بێگومان خوا زانا و ئاگایە بە هەمووان. هەروەها لە ئایینی ئیسلام دا داوای یەکسانی کراوە، بەو هۆیەوە دەمارگیری هۆزایەتی کەمبوویەوە کە یەکێک بوو لە هۆکارەکانی دروست بوونی دیاردەی (صعالیک)، چونکە لە ئیسلام دا هیچ جیاوازی یەک لە نێوان خەڵکی نیە تەنیا بە کردەوەی چاک نەبێت، هەروەکو لەو ئایەتەی سەرەوەدا ئاماژەی بۆ کراوە.

**دووەم- لەڕووی ئابووری:**

هەروەکو باسمان کرد لەبەر ئەوەی دیاردەی (صعالیک) لە کۆمەڵگەی نیمچە دوورگەی عەرەبی دا دروست ببوو هەروەها زۆربەی (صعالیک)ەکان هەژار و بێ دەسەڵات بوون، بژێوی ژیانیان نەبوو هەربۆیە کاتێک ئیسلام هات ئەو دیاردەیەی چارەسەر کرد بە دانانی کۆمەڵێک بنەما بۆ نەهێشتنی هەژاری و بڵاوکردنەوەی دادپەروەری لەناو خەڵکدا لە دابەش کردنی داهاتەکان بە یەکسانی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی یەکان و دابین کردنی بژێوی ژیان، دەتوانین بڵێین لە ئایینی ئیسلام دا ژینگەیەکی لەبار دروست کرا بۆ دژایەتی کردنی هەر دیاردەیەک کە ببێتە مایەی هەژاری، بۆ ئەم مەبەستە داوا لە دەوڵەمەندان کرا پارەی زیادە (الزكاة) زەکانیان بە کەسانی هەژار بدەن، هەروەکو داوا لە پێغەمبەری خوا (د.خ) کراوە بەو کارە هەڵبستێت ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا﴾[٢٤]. واتە: لە هەندێک ماڵ و سامانی ئەو ئیماندارانە سەدەقە و خێر وەربگرە، چونکە دەبێتە هۆی خاوێنکردنەوەی ماڵەکەیان و پاک کردنەوەی دڵ و دەروونیان، ئەمەش وادەکات هەژاری کەم ببێتەوەو ناچار نەبێت کاری چەتەیی و دزی بکات،

**سێیەم- لەڕووی سیاسی یەوە:**

لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام دا ئەو هۆکارانەی دەبوونە مایەی دروست بوونی هەژاری لەناو بران، بەوەی یەکەیەکی کارگێڕی یەکگرتوو دروست کرا، ئەمە وایکرد دەسەڵاتی هۆزایەتی کەم ببێتەوە، لە ئەنجام دا ستەم کەم بوویەوە، کۆمەڵێک بنەما جێگیر کرا بەمەبەستی پاراستنی ئاساییشی خەڵک و ڕێگری لە ئاژاوەگێڕی و خراپەکاری و لادان[٢٥]، ئەمە ڕاستەوخۆ بووە هۆکاری کەم کردنەوەی دیاردەی (صعالیک)، هەروەها لە جیاتی ئەوەی خەڵکی ملکەچی هۆز بێت ملکەچی دەوڵەت دەبوو هەروەکو لە قورئاندا ئاماژەی بۆ کراوە ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ﴾[٢٦]. واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر و فەرمانڕەواکانتان بکەن کە لە خودی خۆتانن.

کاتێک دەوڵەت هەیە دەتوانرێت پارێزگاری لە هەژاران بکرێت و دیاردەی دەمارگیری هۆزایەتی کەم بکرێتەوە، ئەمە وا دەکات یاخی بوون کەم ببێتەوە و کاریگەری نەمێنێت. شایانی باسە ڕاگەیاندنی (صحيفة المدينة) لە (١ک.٦٢٢ز) کە یەکێ بوو لە گۆڕانکارییە بنەڕەتی یە سیاسی یەکان بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و پێکەوەژیان لەگەڵ هۆز و ئایینە جیاوازەکاندا، کە خۆی لە چەند بەند و برگەیەکی پتەو دەبینی یەوە، بۆ نموونە لە برگەی یەکەمدا هاتووە "هذا كتاب من محمد النبي رسول الله بين المؤمنين والمسلمين من قريش وأهل يثرب ومن تبعهم ولحق بهم... أمة واحدة"[٢٧].

## ئەنجامەکان

١) لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بۆمان دەرکەوت کە ووشەی (صعالیک) تەنها یەک واتای نی یە بەڵکو چەند واتایەکی جیاوازی هەیە، وەک چەتە و ڕێگر و دز و جەردە و هەژار و یاخی بوون، ئامانجی ئەمانە بەدەستهێنانی سامان و کەلوپەل بوو، جا بە هەر ڕێگایەک بێت.

٢) چەند هۆکارێکی گرنگ هەبوون بۆ دەرکەوتنی (صعالیک)، بەڵام گرنگترینیان هۆکاری ئابووری بوو، چونکە ئەمانە نەدار بوون، لەلایەکی ترەوە لەلایەن هۆزەکانیانەوە دوورخرابوونەوە، بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان خۆیان ناچار دەبینی دەست بدەنە کاری دزی و جەردەیی، بۆ ئەوەی لە برسا نەمرن و بەردەوامی بە ژیانیان بدەن.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

٣) له ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بۆمان دەرکەوت کە دیاردەی (صعالیک) تەنها دیاردەیەکی لاوەکی کاتی نەبوو بەڵکو درێژەیەکی کۆمەڵایەتی و کلتوری بوو کە بنەمای لە سەردەمی پێش ئیسلامدا هەبوو بەڵام ئیسلام ئەم دیاردەیەی ئاڕاستە کردووە بە گوێرەی سیستەمێکی ئەخلاقی و باوەڕی نوێ ڕێکی خستن.

٤) توێژینەوەکە پیشانی دا، کە ئیسلام دیاردەی (صعالیک)ی بە تەواوی نەسڕیوە، بەڵکو هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی یەکانی کەم کردۆتەوە، لە ڕێگای یاساکانی (زکاة) و پشتیوانی هەژاران و جێگیرکردنی یەکسانی نێوان تاکەکان، ئەمانە هۆکار بوون بۆ کەمبوونەوەی ڕەفتاری تاوانبارانەی پەیوەست بوون بە (صعاليك) و دەرکەوتنی شێوەیەکی نوێی ئەم دیاردەیە، کە تێیدا هەندێک لە (صعالیک) خۆیان تێکەڵ بە کۆمەڵگای ئیسلامی کرد، هەندێکی تریان بەشداری یان لە فتوحاتە ئیسلامی یەکان دەکرد تا ببن بە بەشێک لە بنەمای سەربازی و کۆمەڵایەتی دەوڵەتی نوێ.

٥) بەهۆی بازرگانی عەرەب و قورەیش لە هەردوو وەرزی زستان و هاویندا وایکرد (صعالیک) چاو بیرنە سامانی بازرگانان و هێرشیان بکەنە سەر، بەتایبەتی بازرگان و دەوڵەمەندانی شارەکانی مەککە و مەدینە.

---

(١) قاسم بن سلام، غريب الحديث، ت: محمد عبد المعيد خان، دائرة المعارف العثمانية، حيدر آباد، ١٩٦٤م، مج٣، ص٤٠٩؛ ابن سيده المرسي، المحكم والمحيط الأعظم، ت: عبد الحميد هنداوي، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٠م، مج٤، ص٥٣٧؛ ابن منظور، لسان العرب، ت: عبد الله علي الكبير وآخرين، دار المعارف، بيروت، ١٩٩٣م مج١٠، ص٨٩.

(٢) ابن دريد، جمهرة اللغة، ت: رمزي منير بعلبكي، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٧م، مج٢، ص١١٩٩؛ الفارابي، معجم ديوان الأدب، ت: أحمد مختار عمر، مؤسسة دار الشعب، القاهرة، ٢٠٠٣م، مج٢، ص٦٥.

(٣) ابن منظور، لسان العرب، ، مج٤، ص٢٤٥٢.

(٤) الحج/٢٨.

(٥) الجوهري، الصحاح تاج اللغة، مج٢، ص٢٢.

(٦) عبد الرزاق، تفسير عبد الرزاق، ت: محمود محمد عبده، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٨م ، مج٢، ص١٦.

(٧) الأم، دار المعرفة، بيروت، ١٩٩٠م، مج٦، ص١٦٤.

(٨) البطليوسي، مشكلات موطأ مالك بن أنس، ت: طه بن علي بو سريح التونسي، دار ابن حزم، بيروت، ٢٠٠٠م، ص١٥٧.

(٩) المنذري، الترغيب والترهيب من الحديث الشريف، ت: ابراهيم شمس الدين، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٦م، مج٢، ص١٤.

(١٠) ابن تيمية، السياسة الشرعية، دار المعرفة، بيروت، د.ت، ص١٠٥.

(١١) جرجي زيدان، تاريخ آداب اللغة العربية، دار الهلال، د.م، د.ت، مج١، ص١٤١.

(١٢) عبد الحليم حفني، شعر الصعاليك، الهيئة المصرية، القاهرة، ١٩٨٧م، ص٣٣٤-٣٧١.

(١٣) عروة بن الورد: ناوی (عروة بن الورد بن زيد العبسي)ە، گووتراوە ناوی (ابن عمرو بن زيد بن عبدالله بن ناشب)ە، کونیەکەی (أبو نجد)ە، ساڵی لەدایکبوونی نادیارە، شاعیرێکی سوارچاک و ئازای سەردەمی نەزانی بوو، کاری ڕێگری دەکرد و دەستکەوتەکانی بەسەر هەژارە ڕێگرەکاندا دابەش دەکرد، لەبەر ئەوە بە (عروة الصعاليك) ناسرابوو، لە ساڵی (٣٠ پ.ک/٥٩٤ز) مردووە. بڕوانە: ابن هشام، التيجان في ملوك حمير، ت: مركز الدراسات والأبحاث اليمنية، صنعاء، ١٩٢٩م، ص١٣٣؛ الأصفهاني، الأغاني، ت: سمير جابر، ط٣، دار الفكر، بيروت، د.ت، مج٣، ص٧٢.

(١٤) شوقي ضيف، العصر الجاهلي، ص٣٧٥،٣٧٦؛ يوسف خليف، الشعراء الصعاليك في العصر الجاهلي، ص٣٣٢،٣٣٣،٣٣٨.

(١٥) آمنة أبو حجر، المعجم الجغرافي، دار أسامة، عمان، ٢٠٠٩م، ص٤٦١،٤٦٢.
(١٦) ابن خلدون، تاريخ ابن خلدون، ت: خليل شحادة، دار الفكر، بيروت، ١٩٨٨م، مج١، ص١٨٦؛ وآمنة أبو حجر، المعجم الجغرافي، ص٢٤٧.
(١٧) القالي، الأمالي، مج٣، ص٢١١.
(١٨) أبو تمام الطائي، الحماسة الصغرى، ت: راجي الأسمر، دار الكتب العربي، بيروت، ٢٠٠٢م، ص٣٣؛ ابن سيده المرسي، المحكم والمحيط الأعظم، مج٩، ص١٤٧؛ ابن منظور، لسان العرب، مج٩، ٢١٤.
(١٩) جواد علي، المفصل، مج٤، ص٥، ١٢٨، ١٢٩.
(٢٠) ناصر خسرو، سفرنامه، ت: يحيى الخشاب، ط٣، دار الكتاب الجديد، بيروت، ١٩٨٣م، ص١٢٥.
(٢١) أبي تمام، الحماسة الصغرى، ت: عبد العزيز الميمني الراجكوتي ومحمود محمد شاكر، دار المعارف، القاهرة، د.ت، مج٢، ص٢٨؛ ابن عبد ربه، العقد الفريد، مج٣، ص٧٨؛ البغدادي، خزانة الأدب ولب لباب لسان العرب، مج٢، ص٢٤.
(٢٢) عبد الرحمن حميده، أعلام الجغرافيين العرب، دار الفكر، دمشق، ١٩٨٤م، ص٣٤.
(٢٣) سورة الحجرات،١٣.
(٢٤) التوبة،١٠٣.
(٢٥) محمد رضا مروة، الصعاليک في العصر الأموي، ص١١.
(٢٦) النساء/٥٩.
(٢٧) ابن هشام، السيرة النبوية، مج٣، ص٣٢,٣١؛ ابن كثير، البداية والنهاية، مج٣، ص٢٧٣.

**سەرچاوەکان**


1) القرآن الكريم

2) ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام بن عبد الله بن أبي القاسم بن محمد ابن تيمية الحراني الحنبلي الدمشقي (ت ٧٢٨هـ/١٣٢٨م)، السياسة الشرعية، دار المعرفة، بيروت، د.ت.

3) ابن خلدون، تاريخ ابن خلدون، ت: خليل شحادة، دار الفكر، بيروت، ١٩٨٨م، مج١.

4) ابن دريد، جمهرة اللغة، ت: رمزي منير بعلبكي، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٧م، مج٢.

5) ابن سيده المرسي، المحكم والمحيط الأعظم، ت: عبد الحميد هنداوي، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٠م، مج٩،٤.

6) أبن عبد ربة، أبو عمر شهاب الدين أحمد بن محمد بن عبد ربه ابن حبيب ابن حدير بن سالم المعروف الأندلسي (ت ٣٢٨هـ)، العقد الفريد، مج٣، دار الكتب العلمية، بيروت الطبعة الأولى، ١٤٠٤هـ.

٧) ابن كثير، عماد الدين أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير الدمشقي، البداية والنهاية، ت:علي الشيري، مج3، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ١٩٨٨م.

8) ابن منظور، لسان العرب، ت: عبد الله علي الكبير وآخرين، دار المعارف، بيروت، ١٩٩٣م مج٤،٩،١٠.

9) ابن هشام، التيجان في ملوك حمير، ت: مركز الدراسات والأبحاث اليمنية، صنعاء، ١٩٢٩م.

١٠)ابن هشام، روض الأنف في شرح السيرة النبوية ، ت: عبد السلام محمد هارون، دار إحياء التراث العربي، مج3، بيروت، ٢٠٠٠م.

11)أبو تمام الطائي، الحماسة الصغرى، ت: راجي الأسمر، دار الكتب العربي، بيروت، ٢٠٠٢م.

١٢)أبي تمام، الحماسة الصغرى، ت: عبد العزيز الميمني الراجكوتي ومحمود محمد شاكر، دار المعارف، القاهرة، د.ت، مج٢.

١٣)الأصفهاني، الأغاني، ت: سمير جابر، ط٣، دار الفكر، بيروت، د.ت، مج٣.

١٤)الشافعي، أبو عبد الله محمد بن إدريس بن العباس القرشي (ت٢٠٤هـ/٨١٩م)، الأم، دار المعرفة، مج٦، بيروت، ١٩٩٠م.

١٥)آمنة أبو حجر، المعجم الجغرافي، دار أسامة، عمان، ٢٠٠٩م.

١٦)البطليوسي، مشكلات موطأ مالك بن أنس، ت: طه بن علي بو سريح التونسي، دار ابن حزم، بيروت، ٢٠٠٠م.

17)عبد القادر البغدادي، خزانة الأدب ولب لباب لسان العرب، ت: عبد السلام محمد هارون، الطبعة الثالثة، مج2، مكتبة الخانجي، القاهرة، ١٩٩٧م.

١٨)جرجي زيدان، تاريخ آداب اللغة العربية، دار الهلال، د.م، د.ت، مج١.

19)جواد علي، المفصل في تاريخ العرب قبل الإسلام، الطبعة الثانية، مج4، جامعة بغداد، بغداد، ١٩٩٣م.

20)الجوهري، أبو نصر إسماعيل بن حماد الجوهري الفارابي، الصحاح تاج اللغة وصحاح العربية، ت: أحمد عبد الغفور عطار، دار العلم للملايين، مج2، بيروت، ١٩٨٧م.

21)شوقي ضيف، العصر الجاهلي، الطبعة الثانية والعشرون، دار المعارف، القاهرة، ١٩٦٠م،

٢٢)عبد الحليم حفني، شعر الصعاليك، الهيئة المصرية، القاهرة، ١٩٨٧م.

٢٣)عبد الرحمن حميده، أعلام الجغرافيين العرب، دار الفكر، دمشق، ١٩٨٤م.

٢٤)عبد الرزاق، تفسير عبد الرزاق، ت: محمود محمد عبده، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٨م، مج٢.

٢٥)الفارابي، معجم ديوان الأدب، ت: أحمد مختار عمر، مؤسسة دار الشعب، القاهرة، ٢٠٠٣م، مج٢.

٢٦)قاسم بن سلام، غريب الحديث، ت: محمد عبد المعيد خان، دائرة المعارف العثمانية، حيدر آباد، ١٩٦٤م، مج٣.

27)القالي، أبو علي القالي، الأمالي = شذور الأمالي = النوادر، دار الكتب العلمية، مج3، بيروت، ١٩٧٨م.

28)محمد رضا مروة، الصعاليک في العصر الأموي أخبارهم وأشعارهم، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٠م.

٢٩)المنذري، الترغيب والترهيب من الحديث الشريف، ت: ابراهيم شمس الدين، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٦م، مج٢.

٣٠)ناصر خسرو، سفرنامه، ت: يحيى الخشاب، ط٣، دار الكتاب الجديد، بيروت، ١٩٨٣م.

31)يوسف خليف، شعراء الصعاليک في الصعر الجاهلي، الطبعة الرابعة، دار المعارف، بيروت، ١٩٨٦م.

Sources
1) The Holy Quran

2) Ibn Taymiyyah, Taqi al-Din Abu al-Abbas Ahmad ibn Abd al-Halim ibn Abd al-Salam ibn Abd Allah ibn Abi al-Qasim ibn Muhammad ibn Taymiyyah al-Harrani al-Hanbali al-Dimashqi (d. 728 AH/1328 CE), Al-Siyasah al-Shar'iyyah (Islamic Governance), Dar al-Ma'rifah, Beirut, n.d.

3) Ibn Khaldun, Tarikh Ibn Khaldun (The History of Ibn Khaldun), ed. Khalil Shahada, Dar al-Fikr, Beirut, 1988 CE, vol. 1.

4) Ibn Duraid, Jamharat al-Lughah (The Compendium of Language), ed. Ramzi Munir Baalbaki, Dar al-Ilm lil-Malayin, Beirut, 1970 CE, vol. 2.

5) Ibn Sidah al-Mursi, Al-Muhkam wa al-Muhit al-A'zam (The Definitive and Comprehensive Dictionary), ed. Abd al-Hamid Hindawi, Dar al-Kutub al-Ilmiyyah, Beirut, 2000 CE, vols. 9, 4. 6) Ibn Abd Rabbah, Abu Umar Shihab al-Din Ahmad ibn Muhammad ibn Abd Rabbah ibn Habib ibn Hudayr ibn Salim, known as al-Andalusi (d. 328 AH), Al-`Iqd al-Farid, vol. 3, Dar al-Kutub al-`Ilmiyyah, Beirut, first edition, 1404 AH.

7) Ibn Kathir, Imad al-Din Abu al-Fida` Isma`il ibn Umar ibn Kathir al-Dimashqi, Al-Bidayah wa al-Nihayah, ed. Ali al-Shiri, vol. 3, Dar Ihya` al-Turath al-`Arabi, Beirut, 1988 CE.

8) Ibn Manzur, Lisan al-`Arab, ed. Abdullah Ali al-Kabir et al., Dar al-Ma`arif, Beirut, 1993 CE, vols. 4, 9, 10.

9) Ibn Hisham, Al-Tijan fi Muluk Himyar, ed. Yemeni Center for Studies and Research, Sana'a, 1929 CE. 10) Ibn Hisham, Rawd al-Anf fi Sharh al-Sirah al-Nabawiyyah, ed. Abd al-Salam Muhammad Harun, Dar Ihya al-Turath al-Arabi, vol. 3, Beirut, 2000.

11) Abu Tammam al-Ta'i, al-Hamasa al-Sughra, ed. Raji al-Asmar, Dar al-Kutub al-Arabi, Beirut, 2002.

12) Abu Tammam, al-Hamasa al-Sughra, ed. Abd al-Aziz al-Maymani al-Rajkuti and Mahmud Muhammad Shakir, Dar al-Ma'arif, Cairo, n.d., vol. 2.

13) al-Isfahani, al-Aghani, ed. Samir Jabir, 3rd ed., Dar al-Fikr, Beirut, n.d., vol. 3.

14) al-Shafi'i, Abu Abd Allah Muhammad ibn Idris ibn al-Abbas al-Qurashi (d. 204 AH/819 CE), al-Umm, Dar al-Ma'rifah, vol. 6, Beirut, 1990. 15) Amina Abu Hajar, Geographical Dictionary, Dar Usama, Amman, 2009.

16) Al-Batlyusi, Problems of Malik ibn Anas's Muwatta, ed. Taha ibn Ali Bu Sarih al-Tunisi, Dar Ibn Hazm, Beirut, 2000.

17) Abd al-Qadir al-Baghdadi, The Treasury of Literature and the Essence of the Arabic Language, ed. Abd al-Salam Muhammad Harun, 3rd ed., vol. 2, Maktabat al-Khanji, Cairo, 1997.

18) Jurji Zaydan, History of Arabic Literature, Dar al-Hilal, n.p., n.d., vol. 1.

19) Jawad Ali, The Detailed History of the Arabs Before Islam, 2nd ed., vol. 4, University of Baghdad, Baghdad, 1993. 20) Al-Jawhari, Abu Nasr Ismail bin Hammad Al-Jawhari Al-Farabi, Al-Sihah Taj Al-Lughah and Sahih Al-Arabiya, edited by: Ahmed Abdul Ghafour Attar, Dar Al-Ilm Lil Al-Mala’in, vol. 2, Beirut, 1987 AD.

21) Shawqi Deif, The Pre-Islamic Era, twenty-second edition, Dar Al-Maaref, Cairo, 1960 AD,

22) Abdel Halim Hafni, Poetry of the Tramps, Egyptian Authority, Cairo, 1987 AD.

23) Abdul Rahman Hamida, Notable Arab Geographers, Dar Al-Fikr, Damascus, 1984 AD.

24) Abd al-Razzaq, Tafsir Abd al-Razzaq, published by: Mahmoud Muhammad Abduh, Dar al-Kutub al-Ilmiyyah, Beirut, 1998, vol. 2.

25) Al-Farabi, Mu'jam Diwan al-Adab, ed. Ahmad Mukhtar Omar, Dar al-Sha'b Foundation, Cairo, 2003, vol. 2.

26) Qasim ibn Sallam, Gharib al-Hadith, ed. Muhammad Abd al-Mu'id Khan, Da'irat al-Ma'arif al-'Uthmaniyya, Hyderabad, 1964, vol. 3.

27) Al-Qali, Abu Ali al-Qali, Al-Amali = Shudhur al-Amali = Al-Nawadir, Dar al-Kutub al-'Ilmiyya, vol. 3, Beirut, 1978.

28) Muhammad Rida Marwa, Al-Sa'alik fi al-'Asr al-Umawi: Akhbaruhum wa Ash'arihum, Dar al-Kutub al-'Ilmiyya, Beirut, 1990.

29) Al-Mundhiri, Al-Targhib wa al-Tarhib min al-Hadith al-Sharif, ed. Ibrahim Shams al-Din, Dar al-Kutub al-'Ilmiyya, Beirut, 1996, vol. 2. 30) Nasser Khusraw, Safarnama, published by Yahya al-Khashab, 3rd edition, New Book House, Beirut, 1983 AD.

31) Youssef Khalif, Poets of the Sa’aliks in the Pre-Islamic Dynasty, fourth edition, Dar Al-Ma’arif, Beirut, 1986 **AD.**